## سەرۆک کۆماری سەردەمی قەیران و چاوەڕوانی!

**عوسمانی حاجی مارف**

بەدوای ساڵێک لەهەڵبژاردنەکانی عێراق و چەندین گفتوگۆو دانوسان و کێشمەکێش و بارگرژی نێوان پارتی و یەکێتی، دەرئەنجام لەژێرناوی پەیامی پوچ و بێناوەرۆکی "یەکریزی کوردە"وە لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار ڕێکەوتنێکی ناچاری و شەرمنۆکانەیان واژۆکردو ڕاگەیاند. بەهەمانشێوەی ملکەچیەکانی پێشوویان، پابەندبوون و پاشکۆبوونیان بەئایندەی حکومەتێکی تەوافقی بێپایەی بەغداوە دووپات کردەوە. چەندینبارە ئایندەی سیاسی کوردستانیان خستەوە ژێر ڕەحمەتی چارەنووسی خۆسازدان لەگەڵ هێزە کۆنەپەرست و تائفیە میلیشیاکانی عێراقدا. گەر ملکەچی پارتی و یەکێتی بۆ بەشداریان لەدەسەڵاتی سیاسی لەرزۆکی بەغدا لەو ناچاریەوە هاتبێت پێگەی سیاسیان لە ناوچەکەدا داشکاوە و لە قەیرانێکی قوڵی ئابوری و سیاسی تێوەگلاون، ئەم خۆسازدانەو ڕێکەوتنەیان نەک ناتوانێ بۆ دانیشتوانی عێراق و بۆ دانیشتوانی کورسستان نیشاندانی ئایندەیەکی گەش بێت بۆ کۆتاییهێنان بە نائارامی و ناسەقامگیری سیاسی و گێژاوی سیاسی لەکوردستان و ناوچەکەدا، بەڵکو ناشتوانێ ئاڵوگۆرێک بێت لەبردنەپێشەوەی پێگەی سیاسی خۆشیاندا. لەهەمانکاتدا ڕێگای دەربازبوونشیان نابێت لە قەیرانەکان.هەربۆیە دەبینین ئەو قەیرانەی یەخەی سیاسەتەکانی پارتی و یەکێتی گرتووە، زیاتر لە ڕامان و چاوەڕوانیدا ماوەتەوە، کە لەئێستادا بە ئاشکرا دەبینین ناتوانن هیچ جۆرێک بوێری ئەوە بکەن تا ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنی کوردستان بە ئەنجام بگەیەنن، لەناچاریدا بریاریان لەسەر درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان جێبەجێ کرد.

قوڵبوونەوەی بەردەوامی قەیرانی سیاسی و ئابوری و مانەوەی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی بە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزیسیۆنەوە لە چارەسەرنەکردنی کێشە ئابوری و سیاسیەکانی ئەم سیستەمەی کە سی ساڵە خۆی بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستاندا داسەپاندووە، قەیران و سیستەمێکە لە حوکمرانیدا، کە بەدیار بازاڕی جیهانی و یەکلابوونەوەی کێشمەکێشی هێزە ئیمپریالیستیەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە و بارودۆخی عێراق و ململانێی ڕەوتە بۆرژوازیەکان ڕاوەستاوە. لەئاکامیشدا کۆمەڵگەی کوردستانیان لە گێژاوێکی سیاسی و بێدەرەتانییەکی ئابوری و چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە. بۆیە ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی لەسەر سەرۆک کۆمار جگە لە سەوداو مامەڵەی بازاڕی نێوان خۆیان، شتێکی تر نادات بەدەستەوە. ئێستا بازرگانیکردن بە پۆستی سەرۆک کۆمارو هەڵگرتنی هەڵبژاردنی کوردستانیش بۆ ناو گەنجینەیە، لەلایەک بۆئەوەیە بەڵکو نرخی هەڵبژاردنەکەیان زیاد بکات، لە لایەکی ترەوە دانانی سەرۆک کۆمارە، کە لەوێستگەیەکی چاوەڕوانیدا بۆئەوەیە بزانن ئایندەی نادیاری ئاکامی کێشمەکێشەکانی نێوان خۆیان و بەغدا و ئەو ئاڵوگۆڕ و پێشهاتانەی لەدەرەوەی ویست و ئیرادەی پارتی و یەکێتی بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا دەسەپێنرێت، بەچی ئەگات.

ئێستاش لەگەڵ ئەوەی بە هەر بێنەوبەرەیەک لەسەر کێشەی مامەڵەی سەرۆک کۆمارو پێکهێنانی حکومەت لە بەغدا یەکلایی بوونەوە، بەڵام درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان، پەیوەندە بەو هەلومەرجە سیاسیەوە، کە لەلایەک لەڕاستای ئەو پێشهات و ئاڵوگۆرانەدایە، کەئەگەری ئەوە پێشبینی دەکرێت دەورانێکی تازە لە ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری لە ناوچەکەدا بە دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی دنیاوە بەڕێ بخرێت و دابمەزرێنرێت. لە لایەکی تریشەوە نیشاندانی مەترسی و بێئاسۆیی و دۆشداماوبونی حزبە ناسیۆنالست-میلیشیا دەسەڵاتدارەکانە، کە لە بەرانبەر ئەو ڕاپەرینە جەماوەریە بەرفراوانەی ئێران، کە بە ئاراستەی ڕوخانی کۆماری ئیسلامی هەنگاو دەنێت، حزبەکانی کوردایەتی لە کوردستانی عێراق سەرسام و سەرگەردانتر کردووە. چونکە ئەم ئاڵوگۆڕانە تەواوی پێگەو جێگەوڕێگەیی پارتی و یەکیتی بە قەیرانێکی قوڵتر گەیاندووە و لە حاڵەتێکی چاوەڕوانیدا گەمەی سیاسی دەکەن و لە بەردەم ئایندەیەکی سیاسی نادیارو مەترسیداردا خۆیان دەبیننەوە.

ئەم دەسەڵاتە کوردیە داسەپاوە ژیان و گوزەران و سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانی هەواڵەی بازاڕ کردووە و سپاردویەتی بە چاوچنۆکی سەرمایەداران. ئەم دەسەڵاتە، کە ٣٠ ساڵە کۆمەڵگەی کوردستانی لە گێژاوی سیاسی و بێدەرەتانیەکی گەورەی ئابوری و نەداریدا ڕاگرتووە، ئەمڕۆش دووچاری بێئاسۆیی و سەرگەردانی زیاتر بوون. جارێکی تر

به ناوی دانانی سەرۆك کۆمار ئایندەی کوردستان ئاوێزان بە ئایندەی پڕ قەیراناوی وساتوسەوداو سازدانی نێوان هێزە میلیشیا تائفەکانی عێراق دەکەنەوە.

بەئاشکرا ئەوە دەبینرێت، کە لە هەر پێشهات و ئاڵوگۆڕێکدا چینی دەسەڵاتداری کوردستان ناکام و بێوەڵام و بێچارەیە لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا. بێوەڵامە بە سەرەتاییترین داخوازیەکانی جەماوەری ناڕازی، بێوەڵامە لەسەر هەر نەخشەو دەخالەت و پلانێک، کە وڵاتانی ناوچەکە بەسەر کوردستاندا دەیسەپێنن، بێوەڵامە لەبەرانبەر پەرەگرتنی تیرۆر و نائارامیدا. هاوکات گوشارەکانی حکومەتی عێراق لەسەر هەرێم و کێشەو گێژاوی پەیوەندیەکانی نێوانیان پەتایەکە هەموو ڕۆژێک پلەکەی بەرزتر دەبێتەوە. بەرینبوونەوەی بێکاری و هەژاری و ڕوتاندنەوەی خەڵک و زۆربوونی تاوان و کەمی خزمەتگوزارییەکان، هەروەها بەردەوامی و درێژەکێشانی ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ خواستەکانیان بە گشتی و بۆ خواستی کۆتاییهێنان بەدەسەڵات بەتایبەتی، دیاردەیەکی دیارو تایبەتی دۆخی نەوەستاوی ئێستای کوردستانە. ئەگەری سەرهەڵدانی گۆڕانکاریەکی جددیە کە پێشبینی ئەوە دەکرێت لە ڕاستای هاتنەمەیدانی جەماوەری، تورەیی بەرفراوانی ناڕازی بە ئاراستەی خواستی ڕوخانی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی خۆی دەنوێنێت و هەنگاو دەنێت.

ئەم دەسەڵات و سیستەمە خوێنمژەی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی سەپاندویانە، نە بە ئەنجامدانی دیاریکرنی سەرۆك کۆماری عێراق، نە بەپێکهێنانەوەی حکومەتی تەوافقی لە عێراقدا و نە بە چاکسازی، نە بە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانە کارتۆنیەکەیان چارەسەری برسێتی و بێدەرەتانی و کێشە کەڵەکەبووەکانی خەڵکی کوردستان ناکەن، بەڵکو ئامانجیان فەراهەمکردنی هەلومەرجی لەبارترە بۆ قازانجی کۆمپانیاکان و سەرمایەداران و دەستڕاگەیشتنیانە بە داهاتی زیاتر لەسەر بناغەی چەوسانەوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، دەستراگەیشتنە بە دزی و تاڵانی و گەندەڵی زیاتر، گرێدانەوەی نان و گوزەرانی خەڵک بەڕاپێچکردنیان بۆ ژێر سایەی حکومەتێکی قەومی و مەزهەبی کۆنەپەرست و غەرقی گەندەڵی کە جەماوەری ملیۆنی عێراقی نوقمی بێدەرەتانی کردووە. ئەمەش ئایندەو ڕێگاچارەیەک نییە تا خەڵکی کوردستان ئومێدی ژیان و گوزەرانێکی باشتری پێوە گرێبدەن. ڕێگاچارەی سەرڕاست و کارساز، وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و بەرپاکردنی دەسەڵاتێکە، کە بە ئیرادەی شۆڕشگێرانەی خۆمان تا سەرجەم داخوازیەکان و ژیانێکی شایستەی ئەم سەردەمە مسۆگەر بکات. لەم پێناوەشدا ڕێگایەکی ترمان نییە جگە لە هێنانەمەیدانی ڕیزی ڕێکخراو و یەکگرتوی خۆمان. تەنانەت هەر لەمڕێگایەشەوە دەتوانین بەتوندکردنەوەی فشار لەسەر دەسەڵات خواستە دەستبەجێکان بسەپێنین، چاوەروانی کوشندەیە، حزبەکانی کوردایەتی لەسەر بنەمای ئەو پێگە نزمەی لەناو هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەدا هەیانە، ناچارن چاوەرێ بن، بەڵام چاوەڕوانی بۆ ئێمە زیانبەخشە، چونکە هەلومەرجی نالەباری کوردستان پێویستی بەڕێکخستن و یەکگرتن و سەراسەریکردنەوەی ناڕەزایەتیەکانە.

پێویستە ڕابەرانی ناڕەزایەتیەکان تەواوی هەوڵ و توانای خۆیان بۆ ڕێکخستن و یەکگرتوکردن و دابینکردنی ڕابەرایەتیەکی کارا بۆ ئەم بزووتنەوەیە بەگەڕبخەن. بزووتنەوەیەکی بەهێزی ئەوتۆ بهێنینە مەیدان، کە هەم توانای سەپاندنی داخوازیەکانمانی هەبێت بەسەر دەسەڵاتدا و هەم سەرئەنجامیش بتوانێ ئەم دەسەڵاتە وەلابنێ و دەسەڵاتدارێتی جەماوەری ڕێکخراو لە شوراکاندا بەرپا بکات. دەسەڵاتێک کە سەرجەم ئامانج و خواستەکانمان بەدیبهێنێ و ئازادی و خۆشگوزەرانی دەستەبەر بکات.